# ئێستا کاتژمێر ئەبەدییەتە لە دۆزەخ

## دەربارەی ژیان و هزری کیرکیگارد

گونار فریدریکسۆن
لە سویدییەوە: عوسمان حەمەڕەشید گورون



کیرکیگارد ساڵی 1813 لە کۆپنهاگن لەدایکبووە. ئەو کاتە سەردەمێکی سەخت بووە لە مێژووی ئەو شارەدا، دانیمارکییەکان لایەنگری ناپۆلیۆن بوون، بۆیە لە 1806دا کەشتیگەلی جەنگی بریتانیا بۆمبارانیان کردبوو. ئەنجامەکەشی وێرانکارییەکی زۆر و بڵاوبوونەوەی هەژاری بوو. ساڵی لەدایکبوونەکەی ئەم، هێزەکانی ناپۆلیۆن تێکشکان و بەپێی ڕێککەوتنی ئاشتی (کیل)، نەرویج لە دانیمارک سەندرایەوە و خرایە سەر سوید. ئیتر دانیشتوانی کۆپنهاگن شورای شارەکەیان ڕووخاند و کەوتنە فراوانکردنی و دەستیان دایە کار و بازرگانیی ئازاد.

پارادۆکس لە ژیانی کیرکیگاردا شتێکی کاتی نەبووە، ئەو ماوە درێژەی بە خوێندنی لاهوتەوە خەریکبوو، شیکپۆشانە بەناو شاردا پیاسەی دەکرد و دەچوو بۆ شانۆ و ئۆپێرا و لە کافتێریا و ڕێستۆرانتەکان وەک وتووێژکەرێکی لێهاتوو ناسرابوو.

کە باوکی لە ساڵی 1838دا مرد، پێدەچوو دووچاری ئازارێکی ویژدانی زۆر بووبێت. گوڕ و تینی دایە بەرخۆی و دکتۆرانامەیەکی لە سەر چەمکی (ئیرۆنی) نووسی کە زیاتر بەراوردکاری بوو لەنێوان سوکرات و مەسیح.

دواتر دەربارەی باوکی زۆر شتی نووسی، چ وەک یادەوەری تایبەتی خۆی و چ لەسەر شێوازی بیرکردنەوە، زۆرجاریش وشەی خەم یان گومان و ڕاڕایی بەکاردەهێنا.

باوکی شوانی مەڕومالآت بوو، بەڵام لەو ئاشوبە ئابوورییەی کۆپنهاگنی تێکەوتبوو، دەستی دابووە کاری کڕین و فرۆشتن، ببووە خاوەنی چەندین خانوو، هەر لە چل ساڵییەوە وازی لە کارکردن هێنا و بە قازانجی سەرمایەکەی دەژیا. بەڵام ماڵی دنیا نەیتوانی خەمەکانی بڕەوێنێتەوە و هەستی تەنیایی کەم بکاتەوە. ژنی یەکەمی دوای ماوەیەکی کەمی پێکەوەژیان، بێ منداڵبوون، مرد. ساڵێک دواتر لەگەڵ کچە کارەکەرەکەی هاوسەرگیری کرد، پاش چوار مانگ یەکەم منداڵیان لەدایکبوو. هەڵبەتە ئەمە ڕووداوێک نییە لە کتێبەکانی مێژووی فەلسەفەدا باسبکرێت، گەر نەبوایەتە مایەی دروستبوونی گرێیەکی هەست بە قەرزاری لەسەر دڵی چ خودی باوکەکە و سۆرینی کوڕە بچووک، کە بۆی دەرکەوتبوو بەر لە مردنی ژنی یەکەم، باوکی پەیوەندیی لەگەڵ دایکی هەبووە.

سۆرین کیرکیگارد لەو باوەڕەدا بووە کە خێزانەکەیان بەر نەفرەت کەوتووە. حەوت منداڵ بوون، سێ کچ و چوار کوڕ. کوڕێکیان بە دوانزە ساڵی مردووە، خوشکێکیان لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا. ساڵی 1832 کچێکی تریان مردووە، لە 1834ش یەکێک لە کوڕەکانیان و هەمان ساڵ دایکیان، هەروەها لە 1835دا کچەکەی تر، تەنیا دوو کوڕ مابوونەوەو لە 1837 خێزانی برا گەورەکەیان مردووە کە تەنیا دووساڵ بوو هاوسەرگیریان کردبوو.

پاش ماوەیەکی زۆر کیرکیگارد لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی: کاتێک باوکی بە برسێتی و هەژاری خەریکی شوانی بووە چۆتە سەر بەرزاییەک و بە توڕەییەوە قسەی بە خودا وتووە.

بە درێژایی ژیان، سۆرین کیرکیگارد، گیرۆدەی قەڵەقێکی زۆر و هەست بە قەرزاری بەرانبەر ئایین بووە. ئەم پاشخانە تاریکەی تێڕوانین بۆ ژیان، بووە پێشەکی بۆ دروستبوونی ئەو ڕێبازە فەلسەفەییەی دواتر بەناوی (بوونگەرایی)ەوە ناسرا.

هەرگیز پەیوەندیی لەگەڵ باوکی باش نەبووە، بەڵام باوکی قەرزەکانیشی بۆ دەدایەوە. هیچ کاتێکیش لە نووسینەکانیدا باسی دایکی نەکردووە. هەرچەندە، کەم تا زۆر بە کراوەیی یان وەک پارادۆکس، باسی لە هەندێک لایەنی شەرمهێنەری ژیانی تایبەتی خۆی کردووە.

لە سەردەمی خوێندکاریدا، کە بە ڕووکەش بەختەوەر دەردەکەوت، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دەڕوات بۆ

ماڵە لەشفرۆشەکان، بەڵام بەرگەی ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی نەگرت، هەر کە گەیشتەوە ماڵەوە لە دەفتەری بیرەوەریی ڕۆژانەیدا نووسی: «ئای خودایە، ئای خودایە»، دواتریش لە باسی ئافرەتەکاندا نووسیویەتی «چی هەڵسوکەوتێکی ئاژەڵییانەیە». توێژەران مێژووی ئەم ڕووداوە دەگێڕنەوە بۆ 1836/11/10.

دەبێت بگوترێت کە گریمانە هەیە ڕووداوەکانی ژیان کاریگەرییان هەبووە لەسەر دروستبوونی ڕاڕایی لای کیرکیگارد، کە ڕەنگە ئەو ڕوداوەی لە گەنجێتیدا بەسەری هات پەیوەندی بەو حاڵەتەوە هەبێت. بەهاری 1837 (ڕیجینا ئۆلسن) دەناسێت، کە کچە خوێندکارێکی پانزەساڵان بوو، سێ ساڵ دواتر، مارەی دەکات.

یەکسەر کیرکیگارد دووچاری ڕاڕاییەکی زۆر دەبێت، گەرچی زۆر زۆر عاشقی یەکتر بوون، پاش سیانزە مانگ واز لە ڕیجینا دەهێنێت.

دەفتەری یادەوەرییەکانی پڕن لە باسی چۆنییەتی بینینی چەندبارەی ڕیجینا دوای جیابوونەوەیان، لە هەمان شەقام و لە هەمان کاتدا. چۆن لە بازاڕ دوور بە دوور سەیری یەکتریان کردووە، چۆن لە کەنیسە نیگایان بۆ یەکتر کردووە.. هتد. لە هەموو شەقام و گۆڕەپانەکانی شاردا دەبینران. تەنانەت ئەوکاتەش کە ڕیجینا شویکرد، کیرکیگارد هەوڵیداوە پەیوەندی پێوە بکات و خەونی ئەوە بووە لە پەیوەندییەکی خۆشەویستی پلاتۆنیدا بمێنێتەوە.

لە دەفتەری یادەوەرییەکانیدا، کیرکیگارد باسی ڕاڕایی و خەمێکی قووڵ دەکات، بێ بوونی هۆیەکی دیار. خەم لە ڕابووردوو، ترس لە سزای خودا، نیگەرانیی بەرانبەر داهاتوو، خەفەت خواردن بۆ ئەوەی توانای عەشقێکی ڕاستەقینەی نییە، ناتوانێت ژنێک بەختەوەر بکات. قەڵەقییەکەی لە نێوان سنووری جەستە و گیانیدا ئەمبەر و ئەوبەری بوو.

ئۆکتۆبەری 1841 ڕۆیشتووە بۆ بەرلین، لەوێ دەچوو بۆ ئامادەبوونی وانەی فەلسەفە، بەڵام زۆربەی کاتەکانی لەو ژوورەدا بە نووسینەوە بەسەر دەبرد، کە لەوێ بەکرێی گرتبوو. دوای شەش مانگ کە لە ڕێگەی هاوڕێیەکییەوە زانی ڕیجینا نەخۆشە، گەڕایەوە. لە کۆپنهاگن بە جۆشێکی زۆرەوە سەرقاڵی نووسین بوو. لێرەوە قۆناغێکی نووسینی سەرنجڕاکێش دەستپێکرد.

1843 کتێبی Antingen- eller (یان ئەم... یان ئەو) [بە دانیمارکی Enten Eller –] بڵاو دەکاتەوە، لێرەدا باس لە سێ تێڕوانین بۆ ژیان دەکات، تێڕوانینی ئیستاتیکی و ئەخلاقی و ئایینی. باسیکردووە چۆن ئێمە لە نێوانیاندا دەکەوینە بەردەم هەڵبژاردنێکی بونگەرییانە. یەکەمەکەیان بایەخ بە لایەنی هەستی دەدات، هەر لە سێکسوالێتییەوە تا هونەر، دووەمیان لەسەر بناغەی بە هەند وەرگرتنی خواستە مۆراڵییەکانی کۆمەڵگەیە، بەڵام پێویستە بە پلەی یەکەم گرنگیی بدرێت بەلایەنی ئایینی. لێرەدا سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە چۆنییەتی ئەم گرنگیی پێدانەی ڕوون نەکردۆتەوە. بەشێکی ئەم کتێبە باسی دۆن جوانەکەی مۆزارتە و بەشی هەرەزۆری (یادەوەریی نووسەرێک)یش باس لە پەیوەندییەکەیەتی لەگەڵ (ڕیجینا). دەربارەی ژیان نووسیویەتی: «ژیان، لای من وەک خواردنەوەیەکی تاڵە، دەبێ تنۆک تنۆک، لەسەرخۆ، وەک ئەوەی بتەوێت بیانژمێریت، بیخۆیتەوە.» هەر لێرەوە تێڕوانینی تایبەت و بیرکردنەوەی پارادۆکسانەی کیرکیگارد دەردەکەوێت. بۆ نموونە دەڵێت: «پیاو دەبێت نهێنی پارێز بێت، بەو مانایە نا کە هەموو شتێک بۆ خەڵکی نەدرکێنێت، بەڵکو تەنانەت بۆ خۆیشی. من لەخۆم ڕادەمێنم، کە ماندوو دەبم، بۆ کات کوشتن جگەرەیەک دادەگیرسێنم و بیردەکەمەوە، خوا هەر بۆخۆی دەزانێت منی لەبەرچی دروستکردووە و چۆنم هەڵدەسوڕێنێت».

کیرکیگارد هەر جارەی بە ناوێکی خوازراوەوە نووسینەکانی بڵاودەکردەوە، وەک ئەوەی بیەوێت کارتەکان تێکەڵاو بکات، یان دڵنیا نەبووبێت چ فیگەر و

کەسایەتییەک بۆخۆی هەڵبژێرێت. بۆ نمونە کتێبی Enten – Eller ی بە ناوی Victor Eremitaوە چاپکردووە.

لە (Upprepninggen)دا، کە هەر لە 1843دا بڵاوی کردۆتەوە، هەر خەون بە (ڕیجینا)وە دەبینێت و بێهودە پەرۆشی نوێبوونەوەی عەشقەکەیانە. باسی بەرلین و بۆ نمونە چوون بۆ شانۆکانی ئەوێ دەکات، بەڵام تێرامانەکانی دەربارەی ئەیوب، کە لەلایەن خوداوە زۆر بە توندی سزادرابوو، بەسەر لایەنەکانی تردا زاڵە.

«ئەیوب! ئەیوب! ئاخ! ئەیوب! بەڕاست جگە لەم وشە ناسکانە هیچی ترت بەدەمدا نەهات: خوا داویتی و خوا دەیباتەوە، درود بۆ خوای مەزن؟ دەنگی زیاترت لێوە نەهات؟ لەو هەموو نەهامەتیەتدا هەر ئەوەت دووبارە دەکردەوە؟ بۆ حەوت شەو و حەوت ڕۆژ دەمت هەڵنەهێنایەوە، لە دەروونتدا چ دەگوزەرا؟ کە هەموو دنیا بەسەرتدا ڕووخا، تۆ هەر بیرت لای خۆشەویستی و پتەوی ئیمان بوو؟».

(Upprepninggen) بە ناوی خوازراوی “Constantin Constantius”ەوە نووسراوە، ئەم ناوە جاری تریش دووبارە بۆتەوە. هەروەها بۆ نووسینێک بە ناونیشانی (تەقەلایەک لە دەروونناسیی تاقیگەریدا) ناوی (کوڕە گەنجەکە)ی داناوە، گەرچی وشەی تاقیگەری بەکارهێناوە، بەڵام زیاتر باسی سایکۆلۆجیای ئاینیی کردووە. کیرکیگارد لەو بڕوایەدا بوو، کە دوای دەستبەرداربوونی لە ڕیجینا، وازی لە عەشقێکی مرۆیی هێناوە و وەک ئەیوب تەرکی دنیای کردووە و خۆی خستۆتە بەر ویست و دەسەڵاتی خوا. دوای تێپەڕبوون بەو تاقیکردنەوەیەدا توانیویەتی پشکۆی عەشق لە ناخیدا بگەشێنێتەوە و خۆی لە خۆشەویستی دنیایی ڕزگاربکات.

وا دیارە هەموو بیرکردنەوەکانی کیرکیگارد پەیوەستن بە جۆری پەیوەندییەکانی بە باوکی و بە ڕیجیناوە. لە کتێبی Frukt och bävan (ترس و لەرز) کە ئەمیش بەرهەمێکی تری ساڵی 1843ی پڕ بەرهەمیەتی، باسی لە ئەفسانەیەکی کۆنی ناو تەورات کردوە، کە چۆن (ئیبراهیم) پێچەوانەی گشت دابونەریتەکان، مل بۆ فەرمانی خوا کەچ دەکات و ئامادەیە کوڕەکەی خۆی بکاتە قوربانی، بەڵام لە دوا چرکەدا خوا وەڵامی بۆ دەنێرێت، چەقۆکەت دابنێ، ئەرکە ئاینییەکەی سەرشانت جێبەجێکردووە. ئەم کتێبەیان بەناوی خوازراوی Johannes de silentio بڵاوکردۆتەوە.

لە ڕووی فەلسەفییەوە، سێ کتێبی زیاتر بایەخدارن: چەمکی نیگەرانی (Begreppet ångest) و بڕگە فەلسەفییەکان (Filosofiska smulor) هەردووکیان لە 1844



**هەرگیز پەیوەندیی لەگەڵ باوکی باش نەبووە، بەڵام باوکی قەرزەکانیشی بۆ دەدایەوە. هیچ کاتێکیش لە نووسینەکانیدا باسی دایکی نەکردووە. هەرچەندە، کەم تا زۆر بە کراوەیی یان وەك پارادۆکس، باسی لە هەندێك لایەنی شەرمهێنەری ژیانی تایبەتی خۆی کردووە**



**لە كاتی شۆڕشەكەی ساڵی 1848 ئەم دژی دیموكراتی وەستاوە، نووسیوەتی: حكومەتی لەلایەن خەڵك هەڵبژێردراو لە دۆزەخ خراپترە، لە دۆزەخ بە تەنیا ئازار دەچێژیت، هەرچۆنێك بێت باشترە لەوەی ژێردەستەی خەڵكی بێت**

چاپكراون، لەگەڵ پاشبەندێكی نازانستی بۆ برگە فەلسەفەییەكان Avslutande ovetenskaplig efterskrift) (till Filosofiska smulor، كە ڕەنگە ئەمەیان لە هەموویان گرنگتر بێت. یەكەمیان بە ناوی خوازراوی Vigilius Haufniensis، دوانەكەی تریش Johannes Climacus بڵاوكراونەتەوە، بەڵام بۆ ئەم دووانەیان نووسراوە لەلایەن (س. كیركیگارد)ەوە چاپكراون.

هێڵی سەرەكی لەم بابەتە فەلسەفەییانەیدا، ڕەخنەگرتن بووە لە هیگڵ، ئەو فەیلەسوفەی كە پاش مەرگیشی لە 1831، هێشتا باڵی كێشابوو بەسەر وانەكانی زانكۆی بەرلیندا.

لێرەدا بناغە مێژووییەكانی (بوونگەرایی) دەبینرێت. تاكەكەس لە ژیاندا بە نیگەرانییەكی زۆرەوە ڕووبەڕووی بڕیارەكان دەبێتەوە، بەڵام ئازادییەكەشی لەو ڕووبەڕووبوونەوەدایە، چەمكی نیگەرانی و ئازادی یەكتر دێننە كایەوە.

لە ژێر ناونیشانی Philosophical) (Fragments كیركیگارد گەشەی بە لایەنی لاهوتی خۆی داوە، بە ناو ناوی عیسای نەهێناوە، بەڵام باسی «خودا لە زەماندا» و «بوونی خوای ئەزەلی لەسەر زەمین، لە زەماندا»ی كردوە، كە پارادۆكسی هەرە گەورەی ناو ئایینی مەسیحییە .

لە نیگەرانیدا، مرۆڤ لە بێتاوانییەوە بەرەو گوناح ڕادەكات، لەوێشەوە بۆ پێكهاتنەوە و ئیمان هێنان، ئەمەش ئازادییەكەیەتی، بەڵام ڕێگەبڕینەكە پڕ لە ئازار و ژانە و بە تاك و تەنیایی دەبێت. كیركیگارد بەم جۆرە ژیان گوزەراندنە دەڵێت «حەقیقەت» لە یەكێك لە وتە زۆر خواستراوەكانیدا، كە ڕەنگە بە هەڵە لێكدرابێتەوە، دەڵێت: «خودێتی (الذاتیة) حەقیقەتە».

بە بۆچوونی كیركیگارد، تاكەكەس لای هیگل، لە گۆشەنیگای مێژووی كەڵەكەبووی جیهانەوە، وەك گەردیلەیەكی بێبایەخی ناو تەپوتۆزە. بەڵام تاكەكەس لای ئەم هیچ پەیوەندییەكی بە زنجیرەی لۆژیكییانەی دیالەكتیكی ناچارەكییەوە نییە، كێشەی مرۆڤ بریتی نییە لە چۆنییەتی گوزەری ڕۆحی جیهان بەناو چاخەكاندا، بەڵكو بریتییە لە بوونی خودی خۆی.

لە سێیەم كتێبدا، لە بەشێكیدا بە ناونیشانی (-mimisk- patetsk dialektisk) كورتەیەك دەربارەی بوون، كیركیگارد سیستەمە فەلسەفەییەكەی هیگڵی وەك وشەبازی و یاریكردن بە چەمك و دەستەواژە بینیوە، لۆژیك بریتی نییە لە بوون، لەوانەیە مرۆڤ بتوانێت لە لۆژیكدا یان لە مێژووی فەلسەفەدا، سیستەم دروست بكات. بەڵام ناتوانێت ژیان، خودێتی بخاتە

قاڵبی سیستمێکەوە. بەرزترین پلە لە بووندا فەلسەفەیی نییە وەک ئەوەی هیگڵ باسی دەکات، بەڵکو ئاینییە. هەروەها سیستمە دیالەکتیکەکەی هیگڵ لەگەڵ ئازادی و ئیتیکی مرۆڤدا ناگونجێت.

هیچ حەقیقەتێکی فەلسەفەی و بابەتیانە دەربارەی ژیانی من بوونی نییە. ژیان نادیارە، ریسکێکی مەترسیدارە. «کەواتە 1:دەکرێت سستمێک بوونی هەبێت. 2:ناکرێت سستمێک بۆ بوون هەبێت».

«هیچ ئیمانێک بێ مەترسی نییە... گەر بمەوێت ئیمانەکەم بپارێزم ئەوا دەبێت ئاگاداربم بەردەوام گومانە بابەتییەکەم لەدەست نەدەم. وەک ئەوەی لەم گومان و نارۆشنییەدا حەفتا هەزار گەز لە ژێر ئاودا بم و هەر خاوەن باوەڕیش بم».

کیرکیگارد هەموو بەڵگەهێنانەوەیەکی گریمانەیی، سەبارەت بە ئایین و بوون یان نەبوونی خوا ڕەتدەکردەوە. «خودا بوونی نییە، ئەو ئەزەلییە». لە یەکێک لە چرکەساتە تەنزئامێزییەکانیدا، بە تەوسەوە باسی گوناهبارێک دەکات کە پاش زیندوبوونەوە لە دۆزەخ خۆی دەبینێتەوە.

«- ئەوە کاتژمێر چەندە؟»

شەیتان وەڵامی دەداتەوە: «ئەبەدییەت»

کتێبی (Stages on Lifes Way) کە لەلایەن چاپخانەی هیلاریوسەوە کۆکراوەتەوە و ئامادەکراوە بۆ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بریتییە لە تێڕامان، زیاتر لەسەر شێوازی وردە ئەندێشە، دەربارەی ئەو قۆناغانەی ئایین کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان بۆ ژیان هەیە. لە ڕووی ئەدەبییەوە بە باشترین کتێبی کیرکیگارد هەژمار دەکرێت. هەروەها باسی نیگەرانییەکانی کەسانی خاوەن بەهرەی هونەریش دەکات و خوێنەر دەخاتە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەم نووسەرە لە کاتی نەهامەتیدا زیاتر هەستی بە باشی کردوە. لە بەشێکیدا کە لەژێر کارگەرێتی (سیمپۆزیۆم) ـەکەی پلاتۆندا باسی ئاهەنگێک دەکات، رقی خۆی دژ بە ئافرەت هەڵڕشتوە.

لە کتێبی تێبینیەکانی یادەوەریی (Dagboksanteckningar)دا جارێکی تر باسی ڕیجینا سەرهەڵدەداتەوە، هەموو چواشەمەیەک، کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ، لە بازاڕ، ڕیجینا دەبینێت، بەتایبەتی کە دەچێتە دوکانی زێڕنگەرێک، ئەم دەیەوێت بچێتە پێشەوە، بیدوێنێت و ڕوونکردنەوەیەکی پێڕا بگە یە نێت .

«ڕووبەڕووی یەکتر بووینەوە، یەکترمان تێپەڕاند، کەمێک شەرم دایگرت، ڕەنگە لە ترسی ئەوە بوویێت کە هاتۆتە ناو ئەو شەقامانەی ژنان هاتوچۆی پێدا ناکەن. یان لەبەر نەشارەزایی بۆ شوێنەکە کەمێک شپرزە بوویێت، بەپەلە نیگای لەسەر لابردم».


Søren Kierkegaard

لە ماوەی نێوان 1843 تا 1846 کیرکیگارد زۆربەی بەرهەمە بەناوبانگەکانی نووسیوە، ساڵانی دواتر خەریکی نووسینی تێڕامانە ئایینییەکان بووە و لەگەڵ پیاوانی ئاییندا کەوتۆتە ناکۆکییەکی فیکریی قووڵەوە.

کیرکیگارد ویستوویەتی لە کەنیسەیەکی دەرەوەی شار ببێت بە قەشە، جارێکی تریش لە سەردەمی لاوێتیدا ئەم ئارەزووەی هەبووە، هەڵبەتە ئاشکرایە کەنیسە داواکەی ڕەتکردۆتەوە.

لە ڕۆژنامەکاندا وتاری بڵاوەکردەوە، لە نووسینەکانیدا ڕەشبین بوو، گاڵتەی بە ڕەگەزی مرۆڤ دەهات. یەکێک بووە لە خوێنەرە سەرەتاییەکانی نووسینەکانی شۆپنهاوەر، کە هێشتا زۆر بەناوبانگ نەبوو. لە کاتی شۆڕشەکەی ساڵی 1848 ئەم دژی دیموکراتی وەستاوە، نووسیویەتی: حکومەتی لەلایەن خەڵک هەڵبژێردراو لە دۆزەخ خراپترە، لە دۆزەخ بە تەنیا ئازار دەچێژیت، هەرچۆنێک بێت باشترە لەوەی ژێردەستەی خەڵکی بیت.

مایەر ئارۆن گوڵدشمید ڕۆژنامەیەکی تەنزی بڵاودەکردەوە بە ناوی (Corsaren)، کیرکیگارد بە گاڵتەوە ڕەخنەی لێگرتبوو بۆ تا ئێستا لە گۆڤارەکەیدا، وەک ناودارەکانی تری کۆپنهاگن، باسی ئەمی نەکردووە. دواتر خۆزگەی دەخواست ئەو ڕەخنەیەی نەگرتایە. ڕۆژنامەکە ڕۆژ دوای ڕۆژ کاریکاتێری گاڵتەجاڕییانەی دەربارەی کیرکیگارد بڵاودەکردەوە. خەڵکی کۆپنهاگنیش کە لە نووسینەکانی نەدەگەیشتن و بایەخیان پێ نەدەدا، گاڵتەیان پێ دەکرد. بە پێکەنینەوە لە کرایکاتێرەکەیان دەڕوانی، کە کیرکیگارد وەک پیاوێکی پشت کۆماوەی لووت درێژ، لنگێکی پانتۆڵەکەی کورت و ئەویدی درێژ... هتد، لە ڕۆژنامەکەدا نیشاندەدرا. خۆی نووسویەتی: کە لە کەنیسە دادەنیشم، گوێم لێیە کەسانی دەوروپشتم بە دەنگی بەرز و بە گاڵتەجاڕییەوە باسی پانتۆڵەکەم دەکەن. ڕەنگە هەر خۆی بە زکماک قاچێکی لە قاچێکی درێژتر بووبێت. بە دڵێکی شکاوەوە باسی خۆشییەکانی ژیانی شارۆچکە بچوکەکانی دەکرد. ڕەشبینی و خەمەکانی تۆختر دەبوونەوە، خۆی بە شەهید ناوزەد دەکرد، هەڵبەتە ئەوەش پەیوەست بووە بە بۆچوونە ئایینییەکانییەوە.

پاش مەرگی قەشەی بەناوبانگ (ماینستێر) لە 1854دا، کیرکیگارد دەستیکرد بە هێرشکردنە سەر تەواوی پیاوانی کەنیسە، گاڵتەی بە هەر هەزار قەشەکەی دانیمارک دەکرد. دەیگووت ئەمانە هەر لە خەمی پلە و پایەدان، هەر خەریکی زانستی ئایینن و خودی ئایینەکەیان فەرامۆش کردووە. گۆڤارێکی بچوکی بەناوی (چرکەسات) بڵاودەکردەوە بە تایبەتی بۆ پلار و توانجگرتنە پیاوانی ئایینی.

لە 2ی ئۆکتۆبەری 1855 لە شەقامێکدا جەڵتە لێیدەدات و دەکەوێت، تەمەنی تەنیا چل و دووساڵ بوو، دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی فریدریکس، کە ئێستا مۆزەی هونەریی کاری دەستییە، لەوێ لە 11ی نۆڤەمبەردا ماڵئاوایی لە ژیاندەکات.

هەمان ساڵ ڕیجینا بار دەکات بۆ کۆلۆنی دانیمارکی لە هیندی ڕۆژئاوا، مێردەکەی لەوێ کرابوو بە فەرماندار. ڕیجینا وەک ژنە خانەدانێکی باش تا ساڵی 1904 ژیاوە.

**سەرچاوە:**

Gunnar Fredriksson, 20 Filosofer, Norstedts Förlag, stockholm 1997.